حکومەتی هەرێمی کوردستان
فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

# بەرجەستەکردنی نوێبوونەوە*

## چۆن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری پشتیوانی گۆڕانکاری سەرکەوتووانە دەکات لە حکومەتدا.

ژمارە 1 – کانونی یەکەم 2009



*connectedthinking

PRICEWATERHOUSECOOPERS

وەک ئاگادارن، ئێمە هەموومان بەپەرۆشین بۆ فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری گشتی بە ئاستێکی بەرز. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، گرنگە تێبگەین لەو پێکهاتانەی حکومەت کە پێویستییان بە گۆڕانکاری هەیە یاخود پێویستە بونیاد بنرێن. دیدی ئێمە بەکارهێنانی پێشکەوتووترین تەکنەلۆجیایە تا حکومەت بتوانێت کارنامەی *“نوێبوونەوە و ئاوەدانی”* خۆی جێبەجێ بکات. گرنگە ئێمە سوود لە ئەزمونی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە وەربگرین تا دڵنیابین لەوەی هەوڵ و ئاواتەکانمان واقیعین و بە ئاراستەی دەستپێشخەرییەکانی دیکەوەن کە دەخوازن ئەم دیدە بەرجەستە بکەن. هەر بۆیە **پرۆژەی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان** هێندە گرنگە.

قۆناغی سەرەتایی کارەکەمان بەشێوەیەکی بەرفراوان تایبەت بووە بە سێ بوار:

- تێگەیشتنی زیاترمان هەبێت سەبارەت بەوەی حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە چییان کردووە، بتوانین ئەزمونیان تێهەڵکێشی هەوڵەکانی خۆمان بکەین و لە هەڵەکانیشیانەوە فێرببین. ئەم کارە لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە کۆمپانیای پرایس وۆتەرهاوس کوپەرز (PwC) PricewatrhouseCoopers ئەنجام دەدەین کە ئەزمونێکی بەرفراوانیان هەیە لەم بوارەدا.

- تێگەیشتنی زیاترمان هەبێت بۆ پێداویستییەکانی کار و ئامانجە وردە ستراتیجییەکانی دامەزراوە جیاوازەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها تێگەیشتن لە بۆچوونەکانیان کە تەکنەلۆجیا چۆن دەتوانێت پشتگیری بەرجەستەکردنی دیدەکانیان بکات.

- دواجار، ئامادەکردن و پەسەندکردنی ستراتیجێکی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردنی بۆ گۆڕانکاری کە هەنگاوە پراکتیکییە پێویستەکان پێشان دەدات بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجەکە و دەرفەتەکانیش دیاریدەکات بۆ پێکەوەبەستنی دامەزراوەکان لەگەڵ یەکتر بەهۆی تەکنەلۆجیاوە.

لە راستیدا، جێبەجێکردنی پرۆژەکە کاتی خۆش و پڕ ئاستەنگیش دەهێنێت. ئێمە هەوڵ دەدەین بەبەردەوامی زانیاریتان لەگەڵدا هاوبەش بکەین سەبارەت بە بەرەوپێشچوونەکانمان. هەروەها لە ’بۆچوونی‘ راوێژکارە ستراتیجییەکانمان ئاگادارتان بکەینەوە بەپێی قۆناغەکانی پرۆژەکە بۆ ئاگاداربوونتان لە دوا پەرەسەندنەکان.

سوپاس بۆ تەرخانکردنی کاتتان بۆ خوێندنەوەی ئەم بڵاوکراوەیە، بەرەو سەرکەوتنی بەردەوام لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەلەکەمان.



**”مەبەستی ئەم بڵاوکراوەیە فەراهەمکردنی تێڕامانێکی بەسوودە لە کار و ئاراستەی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری.“**




بۆتان مەحمود عوسمان

سەرۆکی فەرمانگە

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

# ناوەڕۆک


01 پێشەکی: گۆڕانکاری لە حکومەتدا لەڕێگای تەکنەلۆجیای زانیارییەوە

02 باری پرۆژەکە و ئێمە لە کوێی پرۆژەکەداین

03 بنەمای کار بۆ هەنگاوی داهاتوو

04 نمونەی بەرجەستەکردنی نوێبوونەوە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە

05 چاوەڕێی چی بکرێت لەساڵی 2010 دا

06 راستی و ژمارەکان

# 01 پێشەکی: گۆڕانکاری لە حکومەتدا لەڕێگای تەکنەلۆجیای زانیارییەوە

## حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ڕووبەڕووی کارنامەیەکی گۆڕانی IT ی ئاڵۆز و پڕ ئاستەنگ دەبێتەوە .....

### پێویستی گۆڕانکاری

دیدی حکومەتێکی تێهەڵکێش و وابەستە بە هاوڵاتی بەشێوەیەکی بەرچاو لە برەودایە. بنامەی کاری وابەستەبوون بە هاوڵاتی پێویستی بە گۆڕانکاری و تێهەڵکێشکردنی پرۆسەکانی حکومەت هەیە لەدەوری پێویستییەکانی هاوڵاتیان. پێدەچێت ڕێچکەیەکی هاوبەش هەبێت لە سەرانسەری جیهاندا بۆ تێهەڵکێشکردنی زیاتری دەزگاکانی حکومەت لە هەموو ئاستەکاندا، کە بەهۆی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنەوە توانایان پێدرابێت. هەروەها بزوێنەریشیان بریتی بێت لە چوارچێوەی نوێی حوکمڕانی کە وابەستەیە بە هاوڵاتی و بەردەوام دەگەڕێت بەدوای کارامەیی زیاتر و تێچوونێکی کەمتر لە کەرتی گشتیدا.

### بەدەنگەوەهاتن

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەستپێکردنی بەرنامەیەکی گۆڕانکاری کار هەیە، کە بەپەرۆش بەڵام واقیعی بێت و توانای بەدەستهێنانی هەبێت. حکومەتی دیکە لە جیهاندا سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە بەرنامانەن. بەرنامەکانی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا (UK) لە ئەستۆیان گرتووە نمونەیەکی باشن بۆ گۆڕانکاری لە حکومەتدا.

لەڕێگای ئیشکردنیانەوە لەگەڵ کەرتی گشتی سکۆتلەندی، ڕاوێژکاران لە کۆمپانیای PwC ئەم بوارە سەرەکییانەی خوارەوەیان دەستنیشان کردووە کە دەکرێت بەرنامەی گۆڕانکاری تێدا بەدەست بهێنرێت:

- نوێبوونەوەی حکومەت – بونیادنان بۆ ئاییندە؛
- مسۆگەرکردنی ئەڵقەی پێکەوەگرێدانی ڕوون لەنێوان کار و تەکنەلۆجیای زانیاریدا؛
- حکومەتی کارامە – بەڕێوبردنی تێچوون و بەها؛
- بەدەنگەوەهاتنی یاسای دانراو و "کارنامەی حکومەتی کارامە"ی حکومەتی سکۆتلەندی؛
- هەڵسەنگاندنی کاریگەری خزمەتگوزارییە هاوبەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری؛
- هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردەکانی سەرچاوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری بە ئەوانەشەوە کە دەسپێردرێن بە لایەنی دەرەکی.



"هەندێک وڵات، بەتایبەتی پێگەیشتووەکان، لەسەر ئەرکی خۆیان دەستیان بە ستراتیجی ئێلکترۆنی کردووە. ئەوان لە گرنگی و سوودی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ICT) گەیشتوون بۆ ئابوری و کۆمەڵگاکانیان. ئەوان رابەرایەتی پلان و کاری وەهایان کردووە کە ICT بەشێکی گرنگ بێت لە ستراتیجی نەتەوەییان. ئەو وڵاتانەی کە زوو ستراتیجی ئێلکترۆنییان دەستپێکرد و بەدوایداچوون، ئەمڕۆ سوودەکانی دەچیننەوە و لە ئێستادا ئەم وڵاتانە بە پێشەنگی پەرەپێدانی ICT دادەنرێن. بۆ نمونە، وڵاتی سەنگاپور لە ساڵی 1991 دەستیکرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەی ICT، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 1993 دەستی پێکرد، کەنەدا و ژاپۆن و زۆرینەی گەلانی ئەورووپا بە ماوەیەکی کەم پاش ئەمانە دەستیان پێکرد."

بانکی نێودەوڵەتی World Bank 2006

PwC باوەڕی وایە کە یەکەمین هەنگاو بەرەو دامەزراوەی IT کاریگەر، لەسەر بنەمای پایە سەرەکییەکانی بەها و کاریگەری و لێهاتوویی و چۆنایەتی، بریتییە لە تەرکیزکردنە سەر ئەم شەش بوارە سەرەکییانە:
1– گۆڕانکاری لە بەشەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری؛
2– گەورەکردنی بەهای کار (Business Value)؛
3– سەرچاوەپێدان بە شێوەیەکی سراتیجییانە؛
4– بەڕێوەبردنی تێچوون و بەها؛
5– تەریبکردنی ستراتیج و پێکهاتە (Architecture)؛
6– بەڕێوەبردنی زانیاری.

# 02 باری پرۆژەکە و ئێمە لەکوێی پرۆژەکەداین

## پرۆژەی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری و نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردنی

| قۆناغ | چالاکی | بار |
|---|---|---|
| ئامادەکاری | دیاریکردنی بنەمای کار، ئامادەکردنی تیم و دەستپێکردنی پرۆژە | تەواوبووە |
| هەڵسەنگاندن | پێداچوونەوەی کار و تەکنەلۆجیای زانیاری، پڕکردنەوەی چێکلیستی تەکنەلۆجیای زانیاری بە وردی | تەواوبووە |
| ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری | دەستنیشانکردنی دەرفەتەکانی باشترکردن و هەڵبژاردە ستراتیجییەکان، ئامادەکردنی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری لەسەر ئاستی گشتی حکومەت | کاری تێدادەکرێت |
| نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردن | دەستنیشانکردنی پرۆژەکان، دانانی ئەولەویات و ئامادەکردنی نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردن | دەستی پێ نەکردووە |
| دانانی ستراتیجی بۆ 3 دامەزراوە | هەڵبژاردنی سێ دامەزراوە، ئامادەکردنی چوارچێوەی ستراتیجی دامەزراوەکان و ئامادەکردنی ستراتیج و نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردنی دامەزراوەکان | دەستی پێ نەکردووە |

### راپۆرتی هەڵسەنگاندن

### باری پرۆژەکە

دوو قۆناغی یەکەم لە پرۆژەکە تەواوبوون. راپۆرتەکانی پێداچوونەوە ئامادەکراون و دابەش دەکرێنە سەر بەشداربووانی پرۆژەکە.

مەبەست لە راپۆرتەکان پێشکەشکردنی تێگەشتنێکە لە ئاستی ئێستای کامڵبوونی کار و تەکنەلۆجیای زانیاری، دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پلانی ئایندەی بۆ هەر دامەزراوەیەکی حکومی ئەگەر هەبێت. نموونەی دەرەنجامە سەرەکییەکان بریتین لە:

- نەبوونی ستراتیجی مەودادرێژی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تەکنەلۆجیای زانیاری پشتیوانی بکات؛
- پرۆسەی کاری کۆن و نزمی ئاستی زانیاری کارمەندان دەربارەی تواناکانی تەکنەلۆجیای زانیاری؛
- نەبوونی ژێرخانی گەیاندنی گونجاو کە یارمەتی گەیاندنێکی باشتر و هاوبەشیکردنی زانیاری و هەماهەنگی دەدات لەنێوان کارمەندان و دامەزراوەکاندا؛
- دامەزراوەکانی IT و دەستپێشخەرییەکان لێک دابڕاون و ڕۆڵی دیار و سەرچاوەی لێهاتوویان نییە؛
- نەبوونی هیچ جۆرە سیاسەت و ڕێنمایی و پێوەرێکی نووسراو یاخود جێبەجێکراو بۆ ئاسایشی زانیاری؛

"زۆر لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئێستا دەستیان کردووە بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن. لە ئەنجامدا، کەلێنی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن لەنێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و تازە پێگەیشتوودا بەفراوانی دەمینێتەوە. هۆکارە دیارەکانی ئەم کەلێنە بەروونی باسی لێوەکراوە. لەوانەش:

نەبوونی هۆشیاری دەربارەی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن کە دەتوانێت چی پێشکەش بکات؛ لاوازیی ژێرخانی خزمەتگوزاری گەیاندن و ئینتەرنێت؛ گرانیی نرخی ئینتەرنێت؛ نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی و ڕێکخستنی گونجاو؛ کەمیی توانای مرۆیی پێویست؛ کەمیی بەکارهێنانی زمانی خۆجێی و نەبوونی ناوەڕۆک (بابەت) لەسەر ئینتەرنێت بەم زمانە؛ نەبوونی شارەزایی و دەستپێشخەری."

ڕێکخراوی یونکتاد UNCTAD 2003

**پرۆژەی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەم کەلێنانە دەستنیشان دەکات و یارمەتی زاڵبوون دەدات بەسەریاندا. بنەمای کاری ئامادەکردنی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری لە لاپەڕەی داهاتوو پێشکەش دەکرێت.**

# 03 بنەمای کار بۆ هەنگاوی داهاتوو

## هەنگاوی داهاتوو: قۆناغی سێ (ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری)

هەنگاوی داهاتوومان لە پرۆژەی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری بریتی دەبێت لەمانە:

- **ئامادەکردنی لیژنە:** لیژنەی باڵا بە سەرۆکایەتی ڕێزدار سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم و لیژنەی تەکنیکی دەبێت ئامادەبن بۆ بیروڕا ئاڵوگۆڕکردن، ڕێککەوتن لە سەر کەلێنەکان و چارەسەرکردنیان و بڕیاردان لەسەریان.
- **دەستنیشانکردنی دەرفەتەکان بۆ باشترکردن** کە یارمەتی زاڵبوون دەدات بەسەر کەلێنە هەنوکەییەکاندا و هەروەها یارمەتی دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان دەدات بۆ ئامادەکردنی ستراتیجەکە.
- **دەستنیشانکردنی هەڵبژاردە ستراتیجییەکان** کە دەبێتە هۆی دانانی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری. ئەمانە ئەو هەڵبژاردنانەن لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ بونیادنانی ئایندەی خۆی.
- **ئامادەکردنی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری لەسەر ئاستی گشتی حکومەت.**

**بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەم قۆناغە بریتی دەبن لە:**

- **بەڵگەنامەی هەڵبژاردە ستراتیجییەکان (کە هەڵبژاردەی مۆدێلە تەکنیکییەکان لەخۆ دەگرێت).**
- **پلانی ستراتیجی مەودادرێژی تەکنەلۆجیای زانیاری.**
- **چوارچێوەی ئامادەکردنی ستراتیج.**

"ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری گرنگە بۆ یەکخستنی چالاکی و ستاندەردە حکومییەکان لەڕێگای جێبەجێکردنی سیستمێکی تێهەڵکێشکراو."

تیمە هاوبەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و PwC پێکەوە وەک تیمێک کاردەکەن لە هەر بوارێکدا تاکو بەهای پرۆژەکە زیادببێت و بتوانن ستراتیجێکی کارامە هەڵبژێرن.




ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری هەوڵدەدات بۆ مسۆگەرکردنی خزمەتگوزارییەکی گشتی کە زیاتر دەستەبەرە، بەرپرسە و وەڵامدەرە بۆ هەردوو پێداویستی تاک و شێوازی ژیان. ئەمەش بەواتای گۆڕینی تەرکیز دێت لە سنوورە کارگێڕییەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستی خەڵک و پێکەوەکارکردن بۆ فەراهەمکردنی ئەزموون و دەرنجامی باشتر.

کاتێک ستراتیجەکە پەسەندکرا، ئێمە دەست دەکەین بە ئامادەکردنی نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردن کە ڕێنماییمان دەکات بەرەو بەدیهێنانی دەستکەوتەکانی ستراتیجەکە. نەخشەی ڕێگاکە بەوردی پرۆژەکان، بودجە، سیستم، ڕاهێنان، بەڕێوەبەردنی گۆڕانکاری و کارەکانی دیکە هەنگاو بە هەنگاو دیاریدەکات کە ڕێگایەکی ڕوون و وردمان بۆ پێشەوە پێشاندەدات تاکو ساڵی 2015.

لە بڵاوکراوەی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەمە دەدوێین.

# 04 نمونەی بەرجەستەکردنی نوێبوونەوە لەلایەن فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەوە

## نەخشەکێشانی ئایندەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؛ ڕێگای ڕاست بەرەو پێشەوە ....

### پەیامی تەکنەلۆجیای زانیاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئێمە لە جیهانێکی نوێدا دەژین کە تێیدا زانیاری و گەیاندن کەرەستەی ستراتیجین. ئێمە تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ICT) وەک بزوێنەرێکی پێشکەوتن و گرنگی ئایندەمان دەبینین. ICT کلیلی ئێمە دەبێت بۆ بەگەڕخستنی توانای مەزن لە هەرێمی کوردستاندا و یارمەتیمان دەدات بازی گەورە بدەین لە پێشخستنی هەرێمەکماندا.

دەبێت تێڕوانینی نوێ بگرینە ئامێز بۆ گۆڕینی کوردستان، هاوڵاتیان، کۆمەڵگای مەدەنی، کەرتی تایبەت و حکومەت لە سەدەی 21 دا. ڕێگای پێشمان دەرفەت و هەروەها گرفتیش دێنێت، دەبێت بیرکردنەوەی نوێ لە ئامێزبگرین بۆ ئەوەی ICT یارمەتیمان بدات سوود لە دەرفەتەکان وەرگرین و زاڵبین بەسەر گرفتەکاندا بۆ خزمەتکردنی میللەتەکەمان. ڕەچاوکردنی گرنگیی ITC بۆ ئێستا و ئایندەمان و تێکەڵاوکردنی لەگەڵ شێوازی ژیانمان پێشەنگی شەریکایەتی ئێمە دەبێت لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا.

### دیدی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری دەڕوانێتە ئایندەیەک تێیدا تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ICT) بووبێتە بەشێکی دانەپچڕاو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەرتی تایبەت و کۆمەڵگا وەک ئامرازێک بۆ لێهاتوویی، کاریگەریی، گەشەسەندنی ئابوری و ژیانێکی باشتر. دیدمان یارمەتیمان دەدات ڕێگا خۆشکەین بۆ کوردستان و هاوڵاتیانی ببنە ئەندامی کێبڕکێکار لە ئابوری و کۆمەڵگای زانیاری جیهانیدا.

### ئامانجە گشتییەکانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری

- بونیادنانی دیدێکی هاوبەشی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن.
- پشتیوانیکردنی گەشەسەندنی ئابوری.
- بونیادنانی ژینگەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ تەکنەلۆجیای زانیاری.
- نوێکردنەوەی بەڕێوەبردنی گشتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری لەڕێگای تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندنەوە (حکومەتی ئێلکترۆنی).
- پشتیوانیکردنی پەرەوکردنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن لەلایەن کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنییەوە.
- گەشەسەندنی پیشەسازی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن.
- پەیڕەوکردنی زانین و سەرچاوە و یاسا و ستاندەردە نێودەوڵەتییەکان.
- پەرەپێدانی توانای تەکنەلۆجیای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

### پرۆژە سەرەکییەکانی فەرمانگە

**ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردنی**

PRICEWATERHOUSECOOPERS

ئامادەکردنی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری و نەخشەی ڕێگای جێبەجێکردنی بۆ دامەزراندنی پرۆسەیەکی دامەزراوەیی و ئاراستەیەکی هاوبەشی تەکنەلۆجیای زانیاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**سیستمی ناسنامە و بانکی زانیاری فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**




دامەزراندن و بەڕێوەبردنی سیستمی ناسنامەی ستاندەردی پشتبەستوو بە ئاسایش و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و بایۆمێتریک، لەگەڵ بانکی زانیاری فەرمانبەران کە ناسنامە دەردەکات بۆ هەموو فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و توانا دەبەخشێت بۆ پلاندانان و پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان.

**ئەکادیمیای تەکنەلۆجیای زانیاری**



دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەکادیمیایەکی تەکنەلۆجیای زانیاری مۆدێرن بۆ پێگەیاندنی سەرچاوەی مرۆیی کارامە لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ حکومەت و هەرێمی کوردستان.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەر یەک لەم پرۆژانەی سەرەوە، تکایە پەیوەندی بکەن بە فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لەڕێگای ئیمەیلی pr@krgit.org

# 05 چاوەڕێی چی بکرێت لە ساڵی 2010 دا

## پرۆژە و سوودە سەرەکییەکان



**سوودی چاوەڕوانکراو لە قۆناغی کۆتایی بریتی دەبێت لە:**

- دەستنیشانکردنی کێشەی پەیوەست بە رێکخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری، پراکتیزەکان و پێکهاتەی تەکنەلۆجیا بۆ سیستەم و تۆڕەکان لەکاتی ئێستادا. ئەمە یارمەتی دەستنیشانکردنی ئەو بوارانە دەدات کە پێویستیان بە باشترکردن و تەرکیز هەیە لە ستراتیجە نوێیەکەی تەکنەلۆجیای زانیاریدا.
- شانبەشانی کردنەوەی ئەکادیمیای تەکنەلۆجیای زانیاری و بەپێی بەرنامەی کاری حکومەت (کە تەرکیزی لەسەر ئامادەکردنی گەنجانە) پێویستە پرۆگرامی تواناسازی دەست پێبکات تا نەوەیەک پێبگەیەنێت توانای جێبەجێکردنی ستراتیجە نوێیەکەی هەبێت.
- دەستنیشانکردنی کاری پێویست بۆ یەکخستنی ستاندەردە باڵاکان و ئاستی کامڵبوونی دامەزراوەکانی حکومەت. ئەمە دەبێتە هۆی بەستاندەردکردنی چالاکییەکان بە شێوەیەکی کارامە و کاریگەر لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەشداری پێکردنی کەرتی تایبەتی ناوخۆیی وەک هاوبەشێک لە پرۆسەکەدا دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشە و پێداویستی کارەکانیان وەک بەشێک لەو پێداویستیانەی کە دەبێت لە پرۆژەی ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیاری رەچاوبکرێت.

فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری دەخوازێت هاوبەشی بکات لەگەڵ کەرتی تایبەتی ناوخۆیی بۆ بەرجەستە کردنی ئەم دیدە و گەشەپێکردنی لە ئایندەدا؛

ئێمە دەرفەتی یەکسان پێشکەش بە کەرتی تایبەت دەکەین. کەرتی تایبەت پێویستە توانای پارەتیدانیان هەبێت لەڕێگای جێبەجێکردنی کاری پەیوەست بە پرۆژەکە.

لە سوودە چاوەڕوانکراوەکان بۆ کەرتی تایبەت:

ئەگەری دەرفەتی کار، قازانجی زۆرتر و گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتری کامڵبوون.

## ریزبەندی پرۆژە سەرەکییەکانمان

لەمیانەی گفتوگۆکانمان لەگەڵ زۆر لە فەرمانگە و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆمان دەرکەوت ژمارەیەک لە پرۆژەی سەرەکی هەن کە دەبێت زۆر بەخێرایی ئەنجامبدرێن. لەگەڵ بەردەوامبوونی کارەکانمان بۆ دیاریکردنی ستراتیجی مەودادرێژ بۆ حکومەتی هەرێم، بڕیارماندا دەستبکەین بە هەڵبژاردنی چەند پرۆژەیەک کە بتوانن سوودی بەرجەستە و خێرایان هەبێت بۆ حکومەت لەسەر ئاستێکی فراوانتر.

وردەکاری زیاتر دەربارەی ئەم پرۆژانە لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری (pr@krgit.org) دەست دەکەوێت، بەڵام لەم قۆناغەدا نیازمان وایە ئەمانەی خوارەوە لە ساڵی 2010 پێشکەش بکەین:

1. **دابینکردنی سیستەمی ئیمەیلی خێرا وتوانا بەرز، بەیەکەوەبەستراوی ناوخۆیی و تۆکمە.** جێبەجێکردنەکە بە چەند قۆناغێک ئەنجامدەدرێت و بە تێپەڕبوونی کات دامەزراوەی زیاتر لەخۆدەگرێت.
2. **دابینکردنی دۆمەینی مەرکەزی حکومەتی هەرێمی کوردستان،** دامەزراوەکان بەرەبەرە زیاد دەکرێنە سەر دۆمەینەکە. ئەم دۆمەینە کارامەیی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر زیاددەکات، تۆڕی حکومەتی هەرێم لە هێرشی ڤایرۆسەکان دەپارێزێت و ئاستی ئاسایشی دۆمەینە فەرعییەکان باشتردەکات لەڕێگای جێبەجێکردنی پێکهاتەیەکی گونجاوی (Active Directory).
3. **دابینکردنی خزمەتگوزاری مەرکەزی IT** بۆ وەڵامدانەوەی بەردەوام (24/7) بۆ هەموو بابەت و پرسیارەکانی پەیوەست بە بەکارهێنانی هاردوێر و پرۆگرامەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.
4. **دابینکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی بەڵگەنامە و ئەرشیفکردنیان.** قۆناغی یەکەمی ئەم کارە بریتی دەبێت لە دەستنیشانکردنی پێداویستییەکان و قەبارەی ئەرشیفەکان لە وەزارەت و دامەزراوە جیاوازەکان بۆ دیاریکردنی دامەزراوەیەک بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکە. ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی خەزنکردن، ئاسانکردنی کاری گەڕان بەدوای داتا، دەستکەوتنی زانیاری بەئاسانی و بەشێوەیەک سوودبەخش بن بۆ پرۆسەی بڕیاردان لەسەر کارەکان.


یەک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن (ICT) بریتییە لە نەبوونی بەیەکەوەبەستنێکی (Connectivity) خێرا، پشتپێبەستراو و نرخ گونجاو بۆ دامەزراوەکانی حکومەت و هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان. یەک لەو دەرفەتانەی کە هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم بەیەکەوەبەستنە بریتییە لە **تۆڕی داتا ئەکسێسی هەولێر** (تۆڕی فایبەر ئۆپتیک) کە لەلایەن وەزارەتی گەیاندنەوە دانراوە. ئەم خزمەتگوزارییانەی لەسەرەوە باسکراون و هەوڵەکانی ئایندەش پابەندن بە کارکردنی ئەم تۆڕە لە ساڵی 2010دا.

## زیاتر لە 90 وڵات ستراتیجی تەکنەلۆجیای زانیارییان داناوە لەسەر ئاستی جیهانی

### خەرجیەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری

پرۆژەکانی گۆڕانی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن پرۆژەی وەبەرهێنانی سەرەکین کە پێویستییان بە تەرخانکردنی بودجەیەکی گونجاو هەیە لەگەڵ سەرچاوەی کارامە (سەرچاوەی مرۆیی و هەروەها سەرچاوەی دارایی و ماددی). ئەنجامی گۆڕان بە شەو و ڕۆژێک دەرناکەوێت، بەڵکو پێویستی بە کات و هەوڵی ڕاستەقینە هەیە بۆ گەیشتن بە دەرنجامێکی بەرجەستەکراو.

بودجەی ICT بۆ ساڵی 2009– 2010




سەرچاوە: گۆڤاری Economist Intelligence Unit

ئەم هێڵکارییەی سەرەوە ئەوە پیشاندەدات کە چۆن حکومەتەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات تەرکیز دەکەنەسەر گرنگی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن لەڕێگای تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە تێکڕای گشتی بەرهەمی ناوخۆیی (Product Gross Domestic) وەک بودجە بۆ پێشخستنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن لەناو حکومەتدا. ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی تەنگژەی ئابوری جیهانیدایە کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی خەرجی فەرمی حکومی لە بواری ICT دا.

نمونەی پرۆژەی گۆڕانکاری گەورەی حکومەت بریتییە لەوەی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە بەریتانیا (UK) ڕوویدا و جێبەجێکردنی پرۆژەکە ماوەی 10 ساڵی پێدەچێت. ئەمەی خوارەوەش کورتەیەکی پرۆژەکەیە:

### باسی پرۆژەکە

بێرمینگهام یەکێکە لە فراوانترین شارە گرنگەکان کە تێکڕای دانیشتوانی نزیکەی یەک ملیۆن دەبێت. دووەم گەورەترین شاری ئابورییە لە بەریتانیا (UK).

ئەنجومەنی شاری بێرمینگهام دەستیکرد بە فراوانترین و گرنگترین بەرنامەی درێژخایەنی گۆڕانکاریی حکومەتی خۆجێی. لەماوەی 10 ساڵدا سەرقاڵی جێبەجێکردنی ستراتیجی گۆڕانکارییەکە دەبێت کە بەهۆیەوە نزیکەی 1 ملیار پاوەن پاشەکەوت بکات، کارامەیی ئەنجومەن زیاتر بکات و لەهەمانکاتدا چۆنایەتی خزمەتگوزارییەکان باشتر بکات، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەهای تایبەت بە دانیشتوان و کارەکانی بێرمینگهام و باشترکردنی ڕازیبوون لە کار بۆ 55000 کارمەندەکەی.

### سوود و تێچووەکان

پرۆژەی (Customer First) یەکێکە لە پرۆژەکانی پرۆگرامەکە، کە لە ماوەی 10ساڵدا 277 ملیۆن پاوەن پاشەکەوت دەکات بەرامبەر وەبەرهێنانی 146 ملیۆن پاوەن.

سوودی نەقدی پرۆگرامەکە بریتییە لە پاشەکەوتکردن بە ڕێژەی 25% بەهۆی کاریگەریی ئاسانکردنی پەیوەندیکردن لەڕێگای تەلەفۆن، ئیمەیل و پۆستەوە؛ گۆڕین لە پەیوەندیکردن کە ئاڵۆزییەکی کەم لەخۆدەگرێت بۆ خۆخزمەتکردن و پاشەکەوتکردن بە ڕێژەی 15% بەهۆی کاریگەریی ئاسانکردنی پەیوەندی ڕووبەڕوو.

www.krg.org www.pwc.com

**ئەگەر خوازیارن گفتوگۆبکەن لەسەر هەر بابەتێکی باسکراوی ناو ئەم بڵاوکراوەیە، تکایە پەیوەندی بکەن بەم ئیمەیلەوە itstrategy@krg.org**


ئامادەکردنی ئەم بڵاوکراوەیە تەنها بۆ رێنمایی گشتییە لەسەر ئەو بابەتانەی کە جێگەی گرنگین و بریتی نییە لە راوێژی پیشەوەرانە. نابێت بەپێی زانیاری ناو ئەم بڵاوکراوەیە، رێوشوێن بگیرێتەبەر بەبێ بەدەستهێنانی راوێژی تایبەتی پیشەوەرانە. هیچ زامنێک یاخود نوێنەرایەتیکردنێک (چ ئاشکرا یاخود نهێنی) نەدراوە بە وردی یاخود بە تەواویی زانیاری ناو ئەم بڵاوکراوەیە. تا ئەو رادەیەی یاسا رێگەیداوە، کۆمپانیای پرایس ۆتەرهاوس کوپەرز، ئەندامانی کۆمپانیا و کارمەندانی و وەکیلەکانی هیچ بەرپرسیارێتییەکی یاسایی، لێپرسراوێتی یاخود ئەرکی رەچاوکردنی هیچ دەرئەنجامێک قبوڵ ناکەن یاخود دەرنابڕن کە تۆ یاخود هەر کەسێکی دیکە، بە ئاماژە یاخود بەپێی زانیاری ناو ئەم بڵاوکراوەیە، رەفتاردەکات یاخود هەر بڕیارێک کە بەو پێیە دەردەکرێت.

© 2009 گشت مافەکان پارێزراون بۆ کۆمپانیای پرایس ۆتەرهاوس کووپەرز (PricewaterhouseCoopers). مەبەست لە "پرایس ۆتەرهاوس کووپەرز" بریتییە لە کۆمپانیای پرایس ۆتەرهاوس کووپەرز (لقی پرایس ۆتەرهاوس کوپەرز لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی)، یاخود، هەروەک سیاقەکە دەیخوازێت، کۆمپانیاکانی دیکە کە ئەندامن لە پرایس ۆتەرهاوس کووپەرزی نێودەوڵەتی سنوردار، کە هەریەکەیان دامەزراوەیەکی جیا و لایەنێکی سەربەخۆی یاساییین.